
بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە

دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

129

25 ی ئازار/ مارسی 2026



## پرۆژە ١٥ خاڵیەکەی ترامپ و خەونی ئۆپۆزیسیۆن!

موحسین کەریم

کەناڵی "١٢ی ئیسرائیل" ی نزیک لە بنیامین نەتەنیاهۆ، ڕایگەیاند کە هەردوو نێردەی ترامپ، سیڤن ویتکۆف و جیراد کۆشنەر، بە ئاگاداری و ڕەزامەندی ترامپ، پرۆژەیەکیان ئامادەکردەوە بۆ کۆتاییهێنان بەشەڕ دژی ئێران کە لە ١٥ خاڵ پێکهاتوە. سەرەتا بۆماوەی یەک مانگ ئاگربەست ڕادەگەینرێت و لەماوەی ئاگربەستدا گفتوگۆدەکەن لەسەر خاڵەکانی پرۆژەکە. هەروەها ڕۆژنامەی نیۆرک تایمز لە زمانی چەند بەرپرسێکی ئێرانیەوە ئاشکرای کردوە کە گفتوگۆی نهێنی لەنێوان ئەمەریکاو ئێراندا بەردەوامە بەمەبەستی ڕێکەوتن و کۆتاییهێنان بە جەنگ!

خاڵەکانی پرۆژەکەی ویتکۆف و کۆشنەر سێ تەوەرەی سەرەکی دەگرێتە خۆی؛ یەکەمیان دەستبەرداربوونی ئێرانە لە پرۆژەی ئەتۆمیەکەی و پیتاندنی یۆرانیۆم، دووەمیان دەستبەردابوونیەتی لە میلیشیا بریکارەکانی لە ناوچەکەدا، سێهەم لەبەرامبەردا ئەمریکا نەرمی بنوێنێ بەرامبەر بە پرۆژەی مووشەکی ئێران و هەڵگرتنی هەموو سزاکانی سەری و هاوکاریکردنی بۆ پەرەپێدانی پرۆژەی ئەتۆمی مەدەنی لە وێستگەی بوشەهیر!

ئەم پرۆژە ١٥ خاڵیە لەکاتێکدا پێشنیار دەکرێت، کە ترامپ هەرەشەی سوتاندنی ئێرانی دەکرد لەئەگەری تەسیلمنەبووندا! بەڵام ئەم جەنگەی ئێستا بەڕۆشنی ئەوەی ئاشکرا کرد کە بریاردەری سەرەکی جیهان

بۆ لاپەڕە ٢



## دوو ئەزمونی شەڕی ئەمریکا لە عێراق و لە ئێران!

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٣



## ڕۆڵ و تەماحی ناسیونالیزمی کورد لە جەنگی ئەمریکاو ئیسرائیل لە دژی ئێران!

عەبدوڵا مەحمود

بۆ لاپەڕە ٥

## پەیامی مەکتەبی سیاسی حزب بەبۆنەی مەرگی سالح موسلیم.... لاپەڕە ٦



## جەنگی ڕێڕەوەکان، ئێران لەنێوان هەژموونی ئەمریکاو جەمسەرگیری ڕۆژهەڵاتدا!

مەحمود ئەحمەد( حەلاق)

## گرنگی شوراکان لە ئێراندا

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٩

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی........ پرۆژە ١٥ خاڵیەکەی ترامپ و خەونی ئۆپۆزیسیۆن!

ئەمریکا نیە بەتەنیا، بەڵکو هێزی دیکەی جیهانی هەن کە خەریکن مەشهەدەکە دەگۆڕن!

ئێران بەهاوکاری نەرمی چین و ڕوسیا، توانی باڵادەستیی سەربازی و هەژمونی چەک و تەکنۆلۆژیای ئەمریکاو ئیسرائیل لاسەنگ بکات و زەبری قورسیش لە بنکە سەربازیەکانی ئەمریکا لەناوچەکەو لە توانای جەنگی و لۆجستی ئیسرائیلیش بدات. سەرەنجام بۆ تەسلیمکردنی ئێران تەنها یەک بژاردەیان لەبەردەمدا مایەوە، ئەویش هێرشی زەمینیە بۆسەر ئێران. ئەم سیناریۆیەش هەر لەسەرەتاوە دیارە کە ئاکامەکەی بە شکستی گەورە بۆ ئەمریکا تەواودەبێ، لەبەر چەند هۆکارێک؛ یەکەم: ئەزمونی دوو شەڕی ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانستان کە ئەمریکا لە هەردوکیاندا ناکام مایەوە. دووەم؛ تایبەتمەندی ڕژێمی ئیسلامی ئێران و جوگرافیای سیاسی و تۆپۆگرافی ئێران وادەکات ئەنجامدانی کارێکی لەوجۆرە بە نرخێکی یەجگار گرانی ئابوری- سەربازی- مرۆیی بۆیان تەواو ببێت. سێهەم؛ فشاری ناوخۆیی ئەمریکا دژ بە تێوەگلانی لە شەڕێکی دیکەی زەمینی، کە ئەوەش دەستی ترامپ و دەستەودائیرەکەی دەبەستێ لە دانی بڕیارێکی لەوجۆرە! چوارەم؛ هۆکارێکی دیکەی گرنگ دەوری چین و ڕوسیایە لە ئەگەری هێرشی زەمینی ئەمریکا بۆسەر ئێران. ئایا تا چ ڕادەیەک ڕوسیا و چین ئامادەن ئەوە قبوڵ بکەن کە سوپای ئەمریکا لەپاڵ سنورەکانی ئەواندا ئامادەبێت و ببێتە دراوسێی ڕوسیاو دەست بەسەر سەرچاوەی ووزەی ئێراندا بگرێ کە یەکێکە لە پایەکانی پیشەسازی ڕوولەسەری چین!

ئەم نەرمی نواندنەی ئەمریکا وەکو خۆیان دەڵێن "بەرهەمی هێز" نیە، بەڵکو بەرهەمی ئەو گۆرانکاریەیە کە لە ئارایشیی نێوان هێزو جەمسەرەکان و لە هاوسەنگی هێزدا لە ئاستی جیهانیدا ڕوویداوە. ئەمریکا پەنای بۆ ئەوروپا برد تا هاوکاری بکەن لە جەنگەکەیدا دژی ئێران و بۆ کردنەوەی گەرووی هورمز، بەڵام بێجگە لە ستارمەر، سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، گوێگرێکی دیکەی بۆ پەیدانەبوو، بۆیە سەرکردەکانی دەوڵەتانی ناتۆی بە ترسنۆک ناوبرد و لە بێدەسەڵاتیدا ڕایگەیاند: "ئێمە پێویستمان بە گەرووی هورمز نیە، با کێ پێویستی پێیەتی بچێت بیکاتەوە"! چین و ڕوسیاش وەکو دوو هێز و دووجەمسەری جیهانی، ئەگەرچی بەشێوەی ڕاستەوخۆ و لەڕووی سەربازیەوە نا، بەڵام بەکردەوە لەم ململانێیەدا ئامادەییان هەیە!

سەرەنجام ئەمریکاو ترامپ پێویستان بەوەیە کە لەم قوڕەی قاچیان تێدا چەقیوە، بەجۆرێ بە ڕووی سوورەوە دەرباز بن! گومان لەوەدا نیە کە نەتەنیاهۆ و ئیسرائیل دەیانەوێ و بەرژەوەندییان لەوەدایە هێرشی زەمینی بکرێتەسەر ئێران و تا ڕادەی ئەوپەڕی لاواز بکرێ، یاخود تەنانەت ڕژێمی ئیسلامی بڕوخێنرێت.

بەڵام ئەوەی هێرشی زەمینی دەکات ئیسرائیل نیە، بەڵکو ئەمریکایە. بۆیە ئەوە ئەمریکایە کە بڕیار دەدات هێرشی زەمینی بکرێتە سەر ئێران یان نەکرێ، نەک ئیسرائیل و نەتەنیاهۆ! ئێستا ترامپ لە ناردنی هیز و داگیرکردنی دۆرگەی خەرج و بڕینی شادەماری ئابوری ئێران پەشیمان بۆتەوەو ئامادەیە لەگەڵ هەمان ئەو ڕژێمەدا دانوسان بکات، کە تا دوێنێ مەرجی تەسلیمبوونی تەواوەتی و بێمەرجی بۆ دانابوو!

ئێستا ئیتر ئەو گروپ و لایەنانەی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی ئێرانی، لە شاپەرستەکانەوە تا موجاهیدینی خەڵق و تا ناسیۆنالیستە کوردەکانی لایەنگری جەنگ ، کە چاوەڕێی ئەوە بوون لەژێر بۆمبارانی مووشەکەکانی فڕۆکەو کەشتیە جەنگیەکانی ئەمریکاو ئیسرائیلدا و دوای کاولکردنی شارەکانی ئێران و کوشتاری خەڵکی مەدەنی و هەڵتەکاندنی بنەماکانی کۆمەڵگا دەستیان لە گۆشەیەکی دەسەڵات لە تاران و لە کوردستان گیر بێت، بۆ ئەو مەبەستەش تویشووی سەفەری "ئینقلابی"یان کۆدەکردەوە! یاخود ئەو گروپە بەناو چەپانەی کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد زەبری سەربازی ئەمریکاو ئیسرائیل لە ڕژێمی ئیسلامی، کۆمەک بە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی ئێران دەکات بۆ روخاندنی رژێم، بە ڕاگەیاندنی ئەم پرۆژە (١٥) خاڵیە، خەون و خەیاڵاتە پەمەییەکانیان بەتاڵ بۆتەوەو دەبێ بۆ چەندەهەمین جار گلەیی لە بێوەفایی و بێمتمانەیی ئەمریکا و گەمژەیی و خەیاڵپلاویی سیاسی خۆیان بکەن و دوبارە چاوەڕێی خەونێکی دیکەبن!

☆

ئۆکتۆبەر بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!
بۆ پەیوەندیگرتن: ڤایبەر و واتس ئەپ و مۆبایل: 0044(0)7394013135
ئیمێڵ: Muhsin_km@yahoo.com
ماڵپەڕی ئۆکتۆبەر: https://octobernewspaper.infinityfreeapp.com/?i=1
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک: October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

# دوو ئەزمونی شەڕی ئەمریکا لە عێراق و لە ئێران!

## عوسمانی حاجی مارف

لەدوای لەشکرکێشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا، سوپای ئەمریکا بەخێرایی توانی ئامانجە سەربازیەکانی بەدیبهێنێت، لە ئامادەبونی بۆهێرشی سەربازی لە باشورەوە تا گەیشتنی بە بەغدا، هەرەسپێهێنانی حکومەتی عێراق لە ماوەی تەنها ٢١ ڕۆژدا، گەیشتن بە بالادەستی تەواو بەسەر زەوی و ئاسمانی تەواوی عێراق، تا هەڵهاتنی سەدام، دواتر پێکهێنانی حکومەتێکی کاتی لە بەغدا، بە پێکهاتەیەکی بەشبەشێنەی هێز و لایەنی ئیسلامی و تائفی و قەومی، کە بووە بەلایەکی گەورە بەسەر دانیشتوانەوە.

بەڵام پاش دوو دەیە لە شەڕەکە، ئەو سەرکەوتنە سەربازیانە نەک نەبونە هۆکاری سەقامگیری سیاسی بەردەوام، بەڵکو عێراقی خستە ناو گێژاوێکەوە کە تائێستاش ڕاست نابێتەوە، جگە لەوەش عێراق کەوتە ژێر کاریگەری کۆماری ئیسلامی و لە ماوەیەکی کەمدا تەواو کەوتە ژێر دەور و هێژمۆنی تاران و میلیشیاکانیەوە، لە پێکهێنانی حکومەتەکان و پێکهێنانی هێزی سەربازی و میلیشیاکان تا تاڵانی و دەست بەسەراگرتنی پرۆژە ئابوریەکانی، لە هەمانکاتدا بەرژەوەندیەکانی میلیشیاکانی سەر بە ئێران بە ئازادی لەسەر زەوی عێراقدا دەوردەبینن و کاردەکەن، تەنانەت هەندێکیان پۆستی فەرمیان لەناو حکومەتدا هەیە.

ئەمەش دوای جەنگی کەنداوی دووەم، تیشک دەخرێتەسەر بۆشایی چارەنووسساز لە نێوان سەرکەوتنی سەربازی و دەرئەنجامە سیاسیەکاندا، واتە کەلێنێک کە زۆرجار دەگۆڕێت بۆ شکستی ستراتیژی، بەو مانایەی لە درێژماوەدا، عێراق لەبری بالادەستی ئەمریکا، بوو بە پاشەکشەی ئەمریکاو، بوونی عێراق بە بەشێک لە بالادەستی ئیدارەی کۆماری ئیسلامی.

ئەو ئەزمونی جەنگەی لە عێراقدا ڕوویدا، هۆشداریەکی توند لە حاڵەتی نەرێنی و پوچەڵی لە ململانێی ئێستای ئەمریکا لەگەڵ ئێراندا دەسەلمێنێت، لە عێراقدا هەڵوەشاندنەوەی حزبی بەعس و هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراق بەبێ چەکداماڵین، زەمینەیەکی بەپیتی بۆ یاخیبونی چەکداری دابینکرد، سەرکەوتنی سەربازی کردە ئاژاوەی سیاسی و بلاو بونەوەی میلیشیاکان و دروستبوون و بالادەستیی حەشدی شەعبی.

ئەوەی لە عێراق ڕویدا، ئەو بۆشاییەی کە بەهۆی ڕووخانی ڕژێمەوە بەجێما، بە بەتاڵی نەمایەوە، بەڵام بەو لایەنانە پڕکرایەوە، کە لەسەرەتادا وەک ئۆپۆزیسیۆنی جۆراوجۆری سەیروسەمەرەی هاوپەیمانی بۆ ئەمریکا، هاتنە سەر شانۆی سیاسی، کەدوای دارمانی تەواوی ژێرخانی ئابوری ودارمانی پێگەی دەوڵەت و دەسەڵاتەکان لە عێراقدا، بە سەرپەرشتی ئەمریکا ئیدارەی حکومەتێکی تەوافقی بێسەرووبەر دروستکرا، کە دواتر بەپێی ئاڵوگۆڕ لە هاوکێشەی سیاسی و هاوسەنگی هێزەکان، دەسەڵاتەکان و ناوچەکان دابەشکران، ئەوە دەبینین کەعێراقیکی "یەککگرتو" تائێستا کێشەیەکی بەردەوامە و یەکلایی نابێتەوە، یان گەر دروستتر بڵێین لە دنیای واقعدا عێراق تائێستا، هەر ناوچەیەکی بەدەست هێزێکی میلیشیاوەیە.

هەڵبەتە ئێرانیش زۆرترین ئامادەیی و زەمینەی هەیە بۆ دوبارەبونەوەی هەمان واقیعەت و ئەزمونی دۆخی عێراق، کە بەشێوەیەکی فروانتر و مەترسیدارتر لەسەر خەڵکی ئێران دەکەوێتەوە، بەتایبەتی لە باری جیۆپۆلەتیکیەوە گەورەیی ئێران و بوونی نەتەوەی جیاواز و جۆرەها ئۆپۆزیسیۆن، لەهەموی گرنگتر بونی هێزێکی بەرفراوانی عەقیدەتی شیعەگەرای بەرگریکەر لە کۆماری ئیسلامی، کەدوای نەمانی کۆماری ئیسلامی دەبنە چەند پارچەیەک و هەرلایەنێکیان وەک هێزی میلیشیا ناوچەیەک لە ئێران بەدەستەوە دەگرن.

هەر سەرکەوتنێکی سەربازی ئەمریکا نەک نابێتە سەرکەوتنی خەڵکی ئێران، بەڵکو هەر لەئێستاوە وێرانکاری و کارەساتەکان و تێکدانی ژیان و گوزەرانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و کارگەریەکانی دەبینین، ئەمەش ئەو هەلومەرجەی دروستکردووە کە لەهەمانکاتدا بووەتە هۆی کارەساتی سیاسی، ئەم ئەزموونەش بنبەست و وانەیەکی توندە کە ستراتیژی ئەمریکا لە ناوچەکە بەدوای هەر بەرژەوەندیەکی سیاسی ناوچەیی و جیهانیەوە بوبێت، لە دواشیکردنەوەدا، سەرکەوتنی ئەمریکا بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی بەتایبەتی بالادەستی تەواو بەسەر ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا سەرکەوتونابێت، یان گەر دەستەواژەیەکی تر بەکار بهێنین، ئەمریکا ناتوانێت سەقامگیری لە ناوچەکە بەبالادەستی خۆی بەدەست بهێنێت، چونکە ململانێی زلهێزە جیهانیەکان کۆتاییان نایەت.

لەچوارچێوەی دۆخی ئێستای شەڕی ئەمریکاو ئیسرائیل لەبەرامبەر ئێراندا، هەر لەئێستاوە کارەسات و مەترسیەکانی دەبینرێت، تا ئەوکاتەی شەڕەکە

دەوەستێت، ئەو وێرانکاریەی بەسەر ئێراندا هاتووە، بەڕۆشنی پێشبینی گەورەترین ئاکامی درێژماوەی ناجێگیری سیاسی لێدەکرێت، دۆخی نائەمنی زیاتر و شەڕی ناوخۆ و قەیرانی ئابوری و پارچەپارچەبونی ئێران و سەختی پێکهێنانی حکومەت و گەڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندی بەخۆیەوە دەبینێت.

لەلایەکی ترەوە ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبدەین، سوپای پاسدارانی ئێران تەنیا دەزگاو هێزێکی سەربازی نییە، بەڵکو لەنێوان ٣٠ بۆ ٤٠ لەسەدی ئابووری ئێرانیان کۆنترۆڵ کردووە، کۆمپانیا گەورەکانی بیناسازی، پەیوەندیەکان و پترۆکیمیای بەڕێوەدەبات، ئەمە جگە لە تۆڕە دامەزراوەکان کە هاوتەریب لەگەڵ دەوڵەتدا دەڕۆن.

دوای کۆتایی ژیانی خامنەیی، لە سەرەتای هەڵمەتی سەربازیی ئەمریکا و ئیسرائیلەوە، سوپای پاسدارانی ئێران بووەتە دەسەڵاتی دیفاکتۆی حوکمڕانی. دانانی موجتەبا خامنەیی وەک ڕێبەر، بەهەر گومان و لێکدانەوەیەک لەسەر دۆخی ئێستای ئێران و مان و نەمانی موجتەبا، گوزارشت لە درێژەدانی ڕژێمە نەک گۆڕانکاریەکانی، ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە کە سەرکەوتنی سەربازی ئەمریکا بەتەنیا گواستنەوەی سیاسی سەرکەوتوو بونی ناخوڵقێنێت، پرسەکە تەنها پەیوەندی بە گۆڕینی ڕژێمەوە نییە، بەڵکو لەسەر ئەوە وەستاوە بە کێ بۆشایی دەسەڵات پڕدەکاتەوە، ئەمەش ئەو پرسیاریە کە واشنتۆن هێشتا وەڵامی نەداوەتەوە.

ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە دەرەوەی وڵات، وەک ڕێکخراوی موجاهدین و بزووتنەوەی پاشایەتی و گروپە چەپ و دیموکراتیەکان، ڕووبەڕووی هەمان ئەو کێشانە دەبنەوە کە ئۆپۆزیسیۆنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا ڕووبەڕووی بووەوە، ئاشکرایە پێگەی تەواوی لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکان لە ناوخۆی ئێراندا زۆر لاواز و بێکاریگەرن ، پێمواییە ئەمریکاش ناتوانێ پێکهاتەیەکیان لێدروست کات، تا ئیدارەی حکومەتیان ڕادەست بکات. جگە لەوەش هەر جەنگ و هێرشێکی دەرەکی بەشێوەیەکی تایبەت خەڵک دەخاتە حاڵەتی چاوەڕوانیەوە، تەنانەت ئەگەر نارازیش بن و خواستی ڕوخانی دەسەڵاتیان هەبێت، ئەو جەماوەرەی سەردەمانێک دژی کۆماری ئیسلامی دروشمیان دەدا، ئێستا شایەتحاڵی کەوتنە خوارەوەی بۆمبەکان و وێرانبونی شارەکانیانن، ئەمەش زیاتر بە قازانجی پاراستن و مانەوەی سوپای پاسداران دەبێت، کە گۆڕانکاریەکی سیاسی لە ڕێگای شەڕو هێزی دەرەکیەوە، دۆخی ئێران و نارەزایەتی جەماوەری قورستر دەکات.

هەروەها ژمارەی دانیشتووانی ئێران لە ٩٢ ملیۆن کەس زیاترە و تۆڕەکانی بە وەکالەت نامێنن ئەگەر ڕژێم بڕوخێت، بەڵکو لە شێوازی تردا چالاکتر و زیندووتر دەبنەوە. جگە لەوەش ئێران خاوەنی کۆگایەکی گەورەی یۆرانیۆمی زۆر پیتێنراوە، کە ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی لە دوای هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ساڵی ٢٠٢٥وە نەیانتوانیوە بەتەواوی لەڕێگەی دەزگای هەواڵگریەوە پەیدای بکەن. گومانی تیا نیە کە دوای داڕوخانی کۆماری ئیسلامی ئەو یۆرانیۆمە دەکەوێتە دەستی هێزە میلیشیاکان، کە نازانرێت بۆچی بەکاری دەهێنن و چۆن بەکاری بهێنن.

لەم هەلومەرجەدا هەر هەوڵێک بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕژێمی سیاسی لە ئێران، یان کۆتایی سوپای پاسداران، بەبێ دامەزراندنی ئەڵتەرناتیڤێکی پتەو و جێکەوتو، بە ناچاری دەبێتە هۆی گەورەترین گێژاوی سیاسی و زیاتر دارمانی ئابووری، لەهەمانکاتدا حکومەتێکی ڕاگوزەری سەقامگیر جێگای ناگرێتەوە. بۆیە ستراتیژی ئێستای واشنتۆن و دەوری ئیسرائیلی هاوپەیمانی لەم شەڕەدا، لەسەر بنەمای جۆرێک لەو گێژاوەی دەرگیری بون کاردەکەن، واتە بەبێ ئەوەی پلانێکی ڕوونیان هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی ئەو بۆشاییە سیاسیەی کە لە کۆتایی شەڕەکەدا پێشدێت.

لە عێراقدا بۆشایی دەسەڵات، لەکاتی خۆیدا کاریگەری لەسەر بەهێزکردنی دەور و دەخالەتی ئێران کرد لە عێراق و ناوچەکەدا، لە لیبیا و سوریا و یەمەنیش شەڕی ناوخۆ و ناسەقامگیری سیاسی درێژە پێدا. ئێستاش پێدەچێت هەمان سیناریۆ لە ئێراندا لە شێوازی مەترسیدارتر و کاریگەری لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوبەڕوبێتەوە، بۆیە سەرکەوتنی سەربازی ئەمریکا بەتەنها بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسیەکان بەس نییە. بەم شێوەیە سەرکەوتنی سەربازی بەبێ پلانێکی سیاسی تۆکمە بۆ سەقامگیری، ڕێچکەیەکە بۆ بنبەست و شکست، لە پەیوەند بەدەوری ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

بەڕۆشنی دەبینین هەر لەئێستاوە و شەڕێک لە دژی ئێران دەتوانێ هەمان ڕێبازی کارەساتبار بگرێتەبەر، کە ئایندەی ئێران بۆ درێژماوە لەوپەڕی گێژاو و ناسەقامگیریدا رابگرێت، ئەوەی شایانی شەرمەزاریە، ئەو بیرکردنەوە خۆشخەیاڵانەیە کە بانگەشەی ئەوە دەکات "کورد یەکگرتوو بێت دەرفەتی ئەوەی بۆ رەخساوە سوود لە دۆخی ئەم شەڕە کاولکاریەی ئەمریکاو ئیسرائیل دژی ئێران وەربگرێت"!

ئەزمونی واقعی هێزە ناسیۆنالیستە کوردیەکان، کە هیچ کات نوێنەرایەتی چارەسەری کێشەی کوردیان نەکردووە، ئەوە دەردەخات کە ناتوانن زەمینەی یەکگرتویی هێزەکانیان پێک بهێنن و هاوبەش بن لە خەباتێک کە مانای دیاریکردنی ئایندە و خواستەکانی خەڵکی کوردستان بێت.

★

# ڕۆڵ و تەماحی ناسیونالیزمی کورد لە جەنگی ئەمریکاو ئیسرائیل لە دژی ئێران!

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

جەنگی ئەمریکا و ئیسرائیل لەدژی جمهوری ئیسلامی و لە ئاستی ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا، پێشهاتێکی چاوەڕوانکراو بوو. چاوەڕوانکراو بوو چونکە ئەمریکا پێویستی بەوە بوو لە ڕێگای جەنگەوە لەدژی ئێران پەیامێک بە نەیارە گەورەترەکانی "چین و روسیا" لە دنیادا بدات. پێویستی بەوە بوو یەکێک لە گەورەترین کۆسپەکانی بەردەم پرۆژەو نەخشەکانی لە ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا کەنار بخات و هێندە لاوازی بکات، کە توانای لێدان لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانە ناوچەییە ستراتیجییەکەی" ئیسرائیل" نەمێنێ.

پاساوەکانی جەنگ بۆ ڕێگەگرتن لە دەستڕاگەیشتنی ئێران بە "چەکی ئەتۆمی، توانای چەکی بالیستی، لەبەینبردنی هێزە پرۆکسیەکان" و هاوکات بانگەشەی ڕزگارکردنی خەڵکی ئێران لە دەسەڵاتی ئاخوندەکان... بوو. دیارە ئێران هەوڵی دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی، پەرەدان بە توانایی چەکی بالیستیکی، توانا بەخشینەوە بە هێزە پرۆکسیەکانی کە تارادەیەکی زۆر لە ناوچەکە لاوازکرابوون، سەرسەختانە کار کردن و بۆ سەرکوتی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و نەیارە سیاسیەکانی... ویستی ئێران و دەسەڵاتی نەنگین و دڕندانەی جمهوری ئیسلامی بووە، بەڵام هۆکاری سەرەکی و بنەرەتی جەنگ هیچ کام لەو پاساوانە و یان جەنگ لە دژی ئەو ویستانەی ئێران نەبووە و نییە. ئێران ئەگەر بچێتە ناو چوارچێوەی ڕاگرتنی لێدان لە بەرژەوەندیەکان ئەمریکا و لانی کەمی بازنەی ویستەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا، دەتوانێت چەکی ئەتۆمی و چەکی بالیستی دوور مەودا و خاوەنی هێز گەلی نیابەتی" پرۆکسی" و هاوکات وەکو هەمیشە دەستی کراوە بێت بۆ سەرکوتی خوێناوی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و پاکتاوکردنی هێزە نەیارە سیاسیەکانی و ئۆپۆزیسیۆنەکەی.

لەو نێوەدا لەکاتێکدا کە خودی ڕای گشتی شەقام و دیدی فەرمی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەشێوەی گشتی پاساوەکانی ئەمریکا و بۆ جەنگ ڕەتدەکەنەوە و جەنگ بە "ناپێویست و نایاسایی" دەزانن، کەچی بەرەی بۆرژوازی و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی" لە شاهانشەیەکانەوە بۆ موجاهیدن و بەشی زۆری هێزە ناسیونالیستە کورد و ئازەرییەکان...تاد" پشتیوانی لە جەنگی ئەمریکا لە دژی ئێران دەکەن و بە ڕێگای ڕزگاری خەڵکی ئێران لە دەسەلاتی ئاخوندەکان وێنای دەکەن، هەموو توانای خۆیان خستوتە گەر تا کەڵک لە تورەیی و نەفرەتی چینی کریکار و جەماوەری ستەملێچوو و بێمافی خەڵکی ئێران و کوردستان لە دژی دەسەلاتی نەگریس و خوێناوی جمهوری ئیسلامی وەربگرن بۆ ئامانجە سیاسیەکانی خۆیان. دەیانەوێت تورەیی و نەفرەتی جەماوەری و جوڵانەوە کۆمەڵایەتییەکان کە نزیک بە پێنج دەهەیە لەدژی دەسەلاتی ئاخوندەکان لە ئارادایە، بکەنە ڕیگا و بەردەبازێک بۆ دەستڕاگەیشتن بەدەسەلاتی عەزمەتتەڵەبی و ناسیونالیزمی ئێرانی، نەتەوەپەرستی کوردی، و ئیسلامی ڕەسەن و مەزهەبی... خۆیان.

لەناو بازنەی ئەو هێزگەلە ئۆپۆزیسیۆنە بۆرژوایی و دواکەوتوانەیەدا، ناسیونالیزمی کورد، بە کەڵک وەرگرتن لە ستەمی نەتەوایەتی سەر خەڵکی کوردستان لە ئێراندا، ئومیدی خۆیان بەستۆتەوە بە جەنگی ئەمریکاو ئیسرائیل لەدژی ئێران و دەیانەوێت بەبەهرەبەرداری لە لاوازبوونی دەسەڵاتی ڕژێمی ئێران، ببنە بەشێک لە هێزی هاوکار و پرۆکسی ئەمریکا و ئیسرائیل، تا ئەو ڕادەیەی ئەگەر بۆیان بکرێت بەرەیەکی جەنگ لەژێر چەتری ئەمریکا و ئیسرائیلدا لە دژی دەسەڵاتی ئێران بکەنەوە، تا لەو ئاڵوگۆڕانەی لە ئاکامی ئەم جەنگەدا پێکدێن، شانسی گەیشتن بە دەسەڵاتیان پێ ببرێت.

ئەو هێزگەلە سیاسییەی بۆرژوازی کورد لە ئێراندا دەیانەوێت ئەزموونی جەنگی ئەمریکا لە دژی عێراق و دەستڕاگەیشتنی بۆرژوازی کورد بە دەسەلات لە عێراقدا، دوبارە بکەنەوە و جێگای نوێنەرایەتی بۆرژوازی کورد لەدەسەڵاتی ئێراندا، زامن بکەن.

لەکاتێکدا ئەو هێزگەلە خەریکن بە خۆبەستنەوە بە پرسی کورد و تورەیی خەڵکی کوردستان لە دەسەڵاتی ئاخوندەکان لەڕێگای جەنگ و ملهوری ئەمریکا و ئیسرائیل بە دەسەلات بگەن، کە خەڵکی کوردستانی ئێران، ئاشنان بە ئەزموونی بۆرژوازی کورد لە عێراق و ئەو کارنامە نەنگینەی بۆرژوازی کورد لە سێ دەهەی رابردوودا بەسەر خەڵکی کوردستانیدا هێناوە. کەچی بێشەرمانە دەیانەوێت ئەو ئەزموونە شکستخواردوو، بۆگەن و کۆنەپەرستە تاڵانچییە بەسەر خەڵکی کوردستانی ئێراندا دوبارە بکەنەوە.

ئەزموونێک کە بەتاڵانی و فەرهورد دەستپێکرد کە تا ئێستا درێژەی

هەیە. بە کوشتنی ژنان بە پاساوی هاوکاری پیاوانی بەعس و بێرەوشتی دەستی پێکرد، کە تائیستا ئەم ژن کوژییە درێژەی هەیە. بەسەرکوتی ئازادییەکان دەستپێکرد و کەوتنە داخستنی شوراکان و تائیستاش ئەو سەرکوتە ئەلگوی وەڵامدانەوە بە نارەزایەتی و داخوازی رەوای جەماوەرییە. وە دوای نزیک بەسێ دەهە هەرچی خزمەتگوزارییە وێرانیان کرد، تەنانەت توانای دابینکردنی موچەیان نییە، هاوکات دەست لەناو دەستی سەدام حسێنە نوێکانی شیعەو سونەو هێزگەلی تاسەرمۆخ کۆنەپەرستی یاسای جەعفەرین و بەرگری لە سەروەری عێراقی عروبەی دینی و قەومی دەکەن.

جیا لەوانە ئەو هێزە ئۆپۆزیسیۆنانەی کورد لە ئێران، بەکەڵک وەرگرتن لەگورزەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ئێران و خۆشباوەری بەوەی خەڵکی ئێران راپەڕن، بژاردەی هێرشی زەمینیان هەیە و لە دەرفەت دەگەڕێن، بێئەوەی لێکەوتەو کاریگەرییەکانی ئەو جۆرە لە سیاسەت لەسەر خەڵکی کوردستانی ئێران و عیراق، لەهەلومەرجی ئێستادا لەبەرچاو بگرن. ئاخر ئێران چەندە بریندارتر بێت و چەندە گورزی سەربازی لەلایەن ئەمریکاو ئیسرائیلەوە بخوات، هێندەش لەبەرامبەر بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و خەڵکی کوردستاندا درندەتر دەبێت و دەستپارێزی ناکات. لەوەش زیاتر ئەگەری هێرش بۆسەر کوردستانی ئێران و تەنانەت کوردستانی عێراق، زیاتر دەکات.

جیا لەوانە هەر جۆرە هەنگاوێکی لەو چەشنە بوار دەکاتەوە تا رژێمی ناسیونالیستی و درندەی وەکو تورکیا دەستێوەردانی سەربازی بکات، هەموو ئەو لێکەوتانەش نەک بە قازانجی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە ئاستی سەراسەری و نە بەئاقاری چارەسەری پرسی کوردە لە ئێراندا.

خەڵکی کوردستانی ئێران و نارەزایەتیەکانی کە بەشێکی دانەبڕاو لە بزوتنەوەی نارەزایەتی لە ئاستی سەراسەری بۆ روخاندنی دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامییە، نابێت هیچ خۆشباوەریەکیان بە سیاسەت و بانگەشەکانی ئەمریکاو هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کورد هەبێت، مەرجی هەر پیشرەوی و سەرکەوتنێکی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و تەنانەت رێکارێکی کارساز بۆ چارەسەری پرسی کورد، لە پیش هەموو شتێکدا، کۆتاییهێنان بەجەنگە، خۆجیاکردنەوە لە ئاسۆی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد و کۆبونەوەیە لەدەوری ئاسۆی سۆشیالستی، و دونیابینی رزگاریبەخشی چینی کرێکار.

٢٢/٣/٢٠٢٦

# پەیامی هاوخەمی بەبۆنەی مەرگی ساڵح موسلیم

ساڵح موسلیم هاوسەرۆکی پێشوی پارتی یەکێتی دیموکرات (پەیەدە) لەیەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر، رۆژی چوار شەممە ١١/٣ گیانی لە دەستدا، بەو بۆنەیەوە هاوخەمی خۆمان بۆ کەسوکار و هاورێیانی رادەگەیەنیین.

ساڵح موسلیم کەسایەتیەکی سیاسی ناسراوی کوردستانی سوریا بوو، کاراکتەرێکی کاریگەر بوو لەپاراستنی خەڵک و دورراگرتنی کوردستانی سوریا لەو سیناریۆ تاریک و کارەساتبارەی لە دوای ساڵی ٢٠١١ ەوە باڵی بەسەر ناوچەکانی تری سوریادا کێشا. هەروەها رۆڵێکی کاریگەری گێرا لە سازدانی جەنگی بەرەنگاری دژی داعش و رێگری لەوەی کارەساتی لە بابەتی کارەساتی شەنگال لە کوردستانی سوریا روویدات.

لەروانگەی ئێمەوە هەوڵ و چالاکی و خەباتی ساڵح موسلیم لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان هەنگاوێکی زۆر گەورەو پێشرەوانەی ناوە، کە جێگای ستایشە و سەرنجی هەموو دنیای بۆلای خۆی راکێشا.



ئێمە لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەبۆنەی مەرگی ساڵح موسلیمەوە سەرەخۆشی لەکەس و کار و هاورێیانی دەکەین، هاوکات پەیامی هاوخەمی و سەرخۆشی ئاراستەی خەڵکی کوردستانی سوریا و هەموو ئەوانە دەکەین کە بۆ مەرگی ساڵح موسلیم نیگەران و دڵگران بوون.

**مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**١٢/٣/٢٠٢٦**

# جەنگی ڕێڕەوەکان، ئێران لەنێوان هەژموونی ئەمریکاو جەمسەرگیری ڕۆژهەڵاتدا!

مەحمود ئەحمەد( حەلاق)

لەکاتێکدا کەجیهان بەدەست جەنگی ئۆکرایناوە دەیناڵاند، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەریای سوور بوونە گۆڕەپانی ململانێیەکی بێدەنگ بەڵام کوشندەتر کەتێیدا ئاسایشی ووزەو ڕێڕەوە ئاوییەکان بوونەتە چەکێکی سەرەکی بەتایبەتی کە ئامریکا هەتا ڕادەیەکی زۆر گیری بەدەستیەوە خواردووە.. ئێران، وەک یاریزانێکی سەرەکی، چیتر تەنها لەگەرووی هورمزدا کورت نابێتەوە، بەڵکو توانیویەتی تۆڕێکی فشار دروستبکات کە لەکەنداوەوە تا قووڵایی ئەفریقا درێژ دەبێتەوە.

**مەشهەدی یەکەم**

دەیان ساڵە گەرووی هورمز وەک خوێنبەری جیهان و تاقە چەکی دەستی ئێران سەیر دەکرا. سعودیە بەپەرەپێدانی پرۆژەی هێڵی بۆری ڕۆژهەڵات-ڕۆژئاوا کەلەساڵی ٩٨١ وەک پلانێکی بەدیل، هەوڵیدا ئەم کارتە لەدەستی تاران دەربهێنێت و خۆی لەو هەڕەشەیە ڕزگار بکات کە ئێران هەمیشە بەگرتنی هورمز دەیکات. ئەگەرچی ئەم هێڵە توانای گواستنەوەی ملیۆنان بەرمیل نەوتی هەیە، بەڵام هێشتا ناتوانێت جێگەی تەواوی ئەو بڕە نەوتە بگرێتەوە کە ڕۆژانە بەگەرووی هورمزداد تێپەڕ دەبێت، لەکاتێکدا نەوتی سعودیە، کوێت، عێراق و ئیماراتیشی تێدایە. بەڵام واقیعەکە ئەوەیە کە ئێران تەنها لەهورمزدا نەوەستاوەتەوە، بەڵکو ستراتیژییەتی خۆی گواستەوە بۆ شەڕی دەروازەکان و لەڕێگەی حوسییەکانەوە دەستیگرت بەسەر گەرووی بابولمەندەبدا، هەروەها لەڕێگەی نزیکبوونەوە لەسوودان و هێزە ئیسلامییە ئیخوانییەکانی ئەو وڵاتەوە، هەوڵیداوە پێگەیەکی سەربازی لە کەناراوەکانی دەریای سووردا جێگیر بکات. بەمەش، ئێران سێگۆشەیەکی فشاری دروستکردووە کە دەتوانێت هەڕەشە لەهەر کەشتییەک بکات کە بەم ناوچانەیەدا تێدەپەڕێت.

لەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا، چین و ڕووسیا وەک دوو جەمسەری پاڵپشت دەردەکەون کەبەرژەوەندییان لەگەڵ ئێراندا یەکدەگرێتەوە بۆ لاوازکردنی ئەمریکا. ستراتیژیی سەرقاڵکردن لەلایەن روسیاوە، لەهەر پشێوییەک لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مانای کەمبوونەوەی فشاری سەربازی و دارایی ئەمریکایە لەسەر بەرەی ئۆکراینا. ڕووسیا دەیەوێت واشنتن لەزۆنگاوێکی نوێدا بیهێز بکات تابتوانێت لەئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا پێگەی خۆی جێگیر بکات.

هەژموونی ئابوری چینیش وەک کڕیاری سەرەکی و هەمیشەیی نەوتی ئێران، دەبێتە هەناسەی ئابوری ئێران، هەربۆیە ئێران قەڵغانێکە کەڕێگری لەگەورەبوونی دەسەڵاتی ئەمریکا دەکات لەئاسیادا. چین دەیەوێت جیهان بگاتە ئەو بڕوایەی کە ئەمریکا چیتر ناتوانێت ئاسایشی دەریاکان بپارێزێت و کاتی ئەوەش هاتووە کە سیستەمێکی نوێی جیهانی شوێنی بگرێتەوە.

ئەمریکاش لەئێستادا لەبەردەم قەیرانێکی گەورەدایە. تێچووی پاراستنی هاتوچۆی دەریایی بەهەژمونی ئەمریکا بەموشەکی ملیۆن دۆلارییەوە بەرامبەر بەدرۆنی هەرزانی ئێرانی، هاوکێشەیەکی دۆڕاوە. ئامریکا دەزانێت کە ناتوانێت لەیەککاتدا لە سێ بەرەی وەکو ئۆکراینا، تایوان و دەریای سوور،بجەنگێت.

**مەشهەدی دووەم**

لەناواخنی ئەم هاوکێشانەدا ئەوە دەخوێنرێتەوە کە ئیتر جیهان بەرەو سەردەمێکی نوێ دەڕوات کەتێیدا دەریاکان چیتر نێودەوڵەتی نابن، بەڵکو دەچێتە ناو قۆناغی دەریا جێناکۆکەکان و هەر وڵاتێکیش بیەوێت کاڵاکانی بەسەلامەتی بگوازێتەوە، دەبێت باجی سیاسی بەیەکێک لەجەمسەرەکان بدات. لەم ڕاستایەشەوە، ئەمریکا ناچار دەبێت یان ئیمتیازێکی مێژوویی بەئێران بدات بۆ خاوکردنەوەی فشارەکان، یان قبوڵی بکات کە سەردەمی تاکە پۆلیسی جیهان ئیتر کۆتایی پێهاتووە. ئەو ترسەش کە ئێران تێیپەڕاندووە، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کەدەزانێت لەدنیایەکی فرەجەمسەردا، هیچ زلهێزێک ناتوانێت بەتەنیا بڕیاری لەناوچوونی بدات، بۆیە ئێران بووەتە بەشێک لەیارییەکی گەورەتر کەتێیدا ڕێڕەوە ئاوییەکان نەک تەنها بۆ گواستنەوەی نەوت، بەڵکو بۆ گواستنەوەی هێزو هەژموونیش بەکاردێن.

**مەشهەدی سێیەم**

لەلایەکی تریشەوە، لەجیهانێکی فرەجەمسەردا کەهێزە گەورەکان کێبڕکێ لەسەر کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوە ئاوییەکان دەکەن، ئێران توانیویەتی ستراتیژییەتێک

پەیڕەو بکات کە چیتر تەنها لە گەرووی هورمزدا قەتیس نەمێنێتەوە. ئەگەرچی سعودیەو وڵاتانی کەنداو هەوڵدەدەن لەڕێگەی هێڵی بۆری ڕۆژهەڵات-ڕۆژئاوادا لەناو وڵاتی سعودیەدا گرنگی هورمز وەک کارتی فشاری ئێران کەمبکەنەوە، بەڵام ئێران لەبەرامبەردا تۆڕێکی خنکێنەری لەناوچە ستراتیژییەکانی دیکەدا چنیوە کە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی خستووەتە ژێر مەترسییەکی ڕاستەقینەوە.

ئێران تێگەیشتووە لەوەی کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی ئەمریکا، پێویستی بەوەیە دەستی بگاتە گەرووی بابولمەندەب لەدەریای سوورو لێرەشدا حوسییەکان وەک وەرەقەیەکی براوە دەردەکەون. ئەوان نەک تەنها ئاسایشی کەشتیوانییان پەکخستووە، بەڵکو ئەمریکایان خستووەتە بەردەم دووڕیانێکی سەختەوە، یان شەڕێکی گشتگیر کە تێچووەکەی لەتوانای ئامریکادا نییە، یان قبوڵکردنی نفوزی ئێران لەو ناوچە هەستیارەدا. لەلایەکی دیکەشەوە، ئێران لەڕێگەی نزیکبوونەوە لەلایەنە ئیسلامییە ئیخوانیەکان کە ئامریکا لەمدواییانەدا خستییە لیستی تیرۆرەوە، کە ئێستا لەیەک جەبهەدان لەگەڵ سوپای سوداندا، هەوڵی دەستکەوتنی پێگەیەکی دەریایی دەدات. ئەگەر ئەمە سەربگرێت، ئێران دەبێتە خاوەنی کۆنترۆڵکردنی سێگۆشەی بەرمۆدایەکی تر کە لە هورمزەوە دەستپێدەکات و بە بابولمەندەبدا تێدەپەڕێت و لەکەناراوەکانی سوداندا جێگیر دەبێت.

**مەشهەدی چوارەم**

لەم یارییەدا، چین و ڕوسیا وەک تەواوکەری ستراتیژی ئێران دەردەکەون، بەڵام بەدوو دیدگای جیاوازەوە: چین، کە وەک جەمسەرێکی ئابوری جیهانی کاردەکات، پێویستی بەسەقامگیری دەریای سوور هەیە بۆ گواستنەوەی کاڵاکانی بۆ ئەوروپا. لەگەڵ ئەوەشدا، چین دەیەوێت کە ئەمریکا لەم ناوچانەدا ماندوو ببێت و شکۆی وەک پۆلیسی دەریاکان لەدەست بچێت. چین بەکڕینی نەوتی ئێران، ژێرخانی ئابوری ئێران دەپارێزێت تا وەک بەربەستێک لەدژی فراوانخوازی ئەمریکا بمێنێتەوە.

لەبەرامبەردا، ڕووسیا سوود لەم پشێوییە دەبینێت بۆ سووککردنی فشارەکانی سەر بەرەی ئۆکراینا. بۆ مۆسکۆ، هەر قەیرانێک لەدەریای سوور یان هورمز دروست ببێت، واتای زیاتر سەرقاڵبوونی ئامریکاو بەرزبوونەوەی نرخی وزەیە، کە هەردووکیان لەبەرژەوەندیی ڕووسیادان. هەماهەنگی ڕووسیاو ئێران لەسودان بۆ دروستکردنی بنکەی سەربازی، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی کە بەرەی ڕۆژهەڵات دەیەوێت دەریای سوور لەژێر دەستی ئەمریکادا دەربهێنێت.

**ئەنجامگیری**

ئەمریکا لەئێستادا لەدۆخێکی بەرگریی ناچالاکدایە. ئەو دەزانێت کە ناتوانێت بەتەنهاو بەهێزی سەربازی ئەم کێشەیە چارەسەر بکات، بۆیە پەنای بردووەتە بەر دروستکردنی هاوپەیمانی دەریایی و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای درۆن. بەڵام ڕاستی وێنەکە ئەوەیە کە ئێران توانیویەتی خۆی لەترسی لەناوچوون ڕزگار بکات و ببێتە بەشێکی جیانەکراوە لەنەخشەی وزەو ئاسایشی جیهان. داهاتووی ئەم هاوکێشەیەش بەستراوەتەوە بەوەی کە ئایا ئەمریکا ئامادەیە ئیمتیازێکی گەورە بدات بەئێران بۆ خاوکردنەوەی ئەم فشارانە، یان جیهان بەرەو دابەشبوونێکی تەواو دەڕوات کە تێیدا ڕێڕەوە ئاوییەکان دەبنە ناوچەی جێناکۆک. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە سیستەمی سەرمایەداری جیهانی لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی قورسدایە؛ چونکە کاتێک ئاسایش دەبێتە قوربانی ململانێی سیاسی، تێچووەکەی هەموو جیهان دەیگرێتەوەو لەوێشەوە باکگراوندی بەرژەوەندییەکانی چین و ڕوسیا لەبەرامبەر ئامریکادا..ئەمە کۆتایی ئەو سەردەمەیە کە ئەمریکا سەردەمانێک تاکە پۆلیسی دەریاکان بوو. ئێستا جیهان چەندین پۆلیسی هەیە، کە زۆربەشیان لەگەڵ یەکتریدا ناتەبان.

١٧ ئازار ٢٠٢٦

**لە بەرنامەی حزبەوە؛** **ئاکام و دەرهاویشتەکانی ناکۆکی و قەیرانەکانی نیزامی سەرمایەداری تەنها لە چوارچێوەی قەڵەمڕەوی ئابووریدا نامێنێتەوە. جەنگە ماڵوێرانکەرەکان لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا، میلیتاریزم و دەستدرێژیی سەربازی، داسەپاندنی حکومەتە پۆلیسی و سەرکوتگەرەکان، سەندنەوەی مافە مەدەنی و سیاسیەکانی جەماوەر و بەتایبەت چینی کرێکار، پەرەسەندنی تیرۆریزمی دەوڵەتیی و ڕێکخراوە ڕاسترەوە توندڕەوەکان، توندبوونەوەی ڕاگەیاندن و گوشارە دواکەوتووە دینی و ناسیۆنالیستی و نەژاد پەرستانە و دژی ژنەکان، ئەمانە تایبەتمەندیە بەرجەستەکانی سەرمایەداری هاوچەرخن بەتایبەت لە سەردەمی قەیرانەکاندا.**

# گرنگی شوراکان لە ئێراندا

## عوسمانی حاجی مارف

سێ هەفتەیە، شەڕێک کە لەبەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا بەردەوامە، دۆخی ئێران و ناوچەکەی تەواو شێواندووە، کە پێش هەموو شتێک دیاردەی هەڕەشەیەکی سامناکە بەتایبەتی لەسەر سفرەی خۆراکی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران، بەگشتیش کاریگەرە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ژیان و گوزەران تەواو تاڵ و ناڕەحەت و نائاسودە و ویرانە، ترس لە نەبونی ئاسایش وئارامی، ڕەوتێکی مەترسیداری هەموو ساتێکی دانیشتوانە، کارەسات بەدوای کارەسات، ڕێرەوی شانۆیەکی تراژیدیای واقعی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەیە، لە شار و گەرەک و گوندەکاندا، هەڕەشەی مەرگی حەتمیە لە شوێنی کارو ژیانی کرێکاراندا، کە سەرباری کاری شەوانە-ڕۆژی تاقەتپروکێنی کرێکاران، چاوەڕێی شانسی بەرکەوتنی موشەک و درۆنن لە ئاسمانەوە بەسەریاندا ببارێت.

ئەم شەڕەی ئێستا، هەڵبژاردە و خواست و ئارەزوی خەڵکی ناوچەکە نیە، شەڕێکە بە زۆر داسەپێنراوە و تێکەڵ بەژیانی خێزانەکان کراوە، فرسەتی نارەزایەتی و خەباتی کرێکارانی لەبەرامبەر سەرمایەداران و حکومەتەکانیدا، تەواو بەر تەسک کردۆتەوەو بێئومێدی ڕەواوجێپداوە، کە بەتایبەتی تەواوی نارەزایەتی هەڵقولاوی جەماوەری ئێرانی کپو خامۆش کردووە.

لەگەڵ زیاتر لە پەرەسەندنی ململانێ و شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لە بەرامبەر ئێراندا، بەجیا لەوەی کاردانەوەکانی بە سەر ژیانی دانیشتوانی ئێراندا شکاوەتەوە، لەهەمانکاتدا فراوانتر دەبێت و کاریگەری لەسەر نرخی خۆراک و وزە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داناوە، بەتایبەت لە سوریا، لوبنان، عێراق و میسر. ئەم وڵاتانە کە زۆر پشتیان بە هاوردەکردن یان سنووردرابوونی بەرهەمهێنانی ناوخۆی کاڵا سەرەکیەکان بەستووە، ڕووبەڕووی شەپۆلێکی نوێی تەحەدیاتی ئابووری دەبنەوە. ئەمەش تاقیکردنەوەیەکی قورس دەخاتە بەردەم حکومەتەکانیان لە بەڕێوەبردنی هەڵاوسان و قەیرانی ئابوری و دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆراک لە نێوان شۆکی نرخی نەوت و گاز و بەرزبوونەوەی تێچوی دواستنەوەی دەریاییدا، قورسایی ئەم دۆخە گومانی تیا نیە کە زیاتر دەکەوێتە سەر دابەزینی ئاستی ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و هەژاران.

داخستنی ڕێگایەکی وەک گەرووی هورمز و کەناڵی سوێس، کەدەمارێکی گرنگن بۆ گواستنەوەی نەوت و کاڵاکان. هەر پەکەوتنێکی کەشتیوانی، کاتەکانی گەشت و تێچوی بیمە و تێچوی گواستنەوە زیاد دەکات، ئەمەش ڕاستەوخۆ نرخەکان بۆ بەکاربەران بەرز دەکاتەوە، داخستنی ئەم ڕێگایانە ئاکامی توندبونەوەی شەڕەکە و ئاکامەکانیەتی، کە ڕۆژ بەدوای ڕۆژ کاریگەری زیاتر لەسەربژێوی دانیشتوانی ناوچەکە وقەیرانی ئابوری دەکات.

هەروەها بەرزبونەوەی نرخی سووتەمەنی، بە تێچوی گواستنەوە و بەرهەمهێنان زیادی کردووە، ئەمەش فشاری زیاتری خستۆتە سەر حکومەتەکان لە ڕێکخستنەوەی بازارەکان و بەرەنگاربوونەوەی هەڵاوساندا، زیادکردنی نرخی کاڵاکان بەسەر خەڵکیدا دەشکێننەوە.

لەبەرئەوەی تارادەیەک ئاسایشی خۆراک پەیوەستە بە دەستڕاگەیشتن بە بازاڕە نێودەوڵەتیەکانەوە، هەر بەرزبوونەوەیەکی زیاتری نرخی سووتەمەنی یان پچڕانی گواستنەوەی دەریایی، بە خێرایی کاریگەری لەسەر توانای خێزانەکان دەبێت بۆ دەستەبەرکردنی خۆراک و هەر پێداویستیەکی تری ڕۆژانە.

شەڕ لەگەڵ ئێران بەردەوامەو ئایندەکەی نارۆشنە، ئاشکرایە ڕۆژ بەدوای ڕۆژ گوشاری بەرچاو لە سەر ئاسایشی خۆراک و وزە لە ناوچەکەدا دادەنێت، نرخی گەنم و کاڵا سەرەکیەکانی دیکەی پێداویستی ژیانی ڕۆژانە بەرزدەکاتەوە، بەتایبەتی کە گەنم بەردێکی بناغەی بەکارهێنانی خۆراکی زۆرینەی دانیشتوانی ناوچەکەیە، هەڵبەتە پێداویستیەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت.

گرنگی پلاندانان بۆ بەهێزکردنی یەدەگەکان و کەمکردنەوەی کاریگەریەکانی بەرزبوونەوەی نرخەکان و ڕێکخستنی بازاڕەکان لە پێش هەموو شتێکەوەیە بۆ دڵنیابوون لە دەستڕاگەیشتن بە خۆراک و وزەی پێویست بۆ خێزانەکان، لە نێوان ئەم قەیرانە بەردەوامانەدا و بەردەوامی شەڕەکەدا، سەختی و قەیرانی قوڵ بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ژیانێکی قورس و نائەمن دەخولقێنێت، تا ئاستی فراوانبونی برسێتی و هەژاری و نەبونی، ئەمەش پێویستی بە فشاری جدی هەیە بۆ سەر حکومەتەکان کە دەبێت ناچارکرێن لە دابینکردنی پێداویستیەکان و ڕێگەنەدان بە بەرزکردنەوەی نرخەکان، لە هەمان کاتدا دابینکردن وئاسانکاری گەیاندنی پێداویستیەکان بۆ دانیشتوانی ئێران.

ئەم ململانێیە تەنیا شەڕێکی ئاسمانی و کەشتی سەربازی و موشەک و درۆن نیە لەسەر خاکی ئێران، بەڵکو بووەتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ دووبارە داڕشتنەوەی دیمەنی ئاسایشی خۆراک و وزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هاوڵاتیان ڕووبەڕووی لێکەوتەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەبنەوە، لە بەرزبوونەوەی نرخەکانەوە تا دەگاتە کەمی و نەمانی پێداویستیەکان، ئەمەش ئاستەنگی

قووڵی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەخاتە بەردەم ناوچەکە، کە پێویستی بە سیاسەتی بەپەلە و دادپەروەرانە هەیە بۆ بەڕێوەبردنیان لەدابین کردنی پێداویستیەکان بە تایبەتی بۆ ئێران، ئاشکرایە ئەم دادپەروەریە لە رەوشت و بیرکردنەوەی سەرمایەداران و حکومەتەکانیاندا نیە و نابێت، بۆیە بە جیا لە هەوڵدان بۆ خۆرێکخستنی جەماوەری، بە مەبەستی پاراستنی خەڵکی لە مەترسی و هێرشەکانی ئەم جەنگە و ئاوارەیدا، لەهەمانکاتدا دابینکردنی پێداویستی خۆراکی و شوێنی حەوانەوە لە هەر شوێنێکدا بەرەوڕوی دانیشتوان بێتەوە.

ئەوەی شایانی باسە دوای چلوحەوت ساڵ لەدەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، بەجیا لەدەرگیربونی شەڕ لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل، ئاشکرایە کە پێشتریش ئابووری ئێران تووشی قەیرانێکی تەواو سەخت بووە، دراوێکی نزیک لە دارمان، هەڵاوسانی درێژخایەن و فراوانبونی فشارەکانی ژیان کە کاریگەری لەسەر کرێکاران و زەحمەتکێشان هەیە و رادەی هەژاری و نەبونی زیاتر و فروانتر بووە، لە هەمانکاتدا کاریگەری لەسەر ئاستی بژێوی و تێکچونی ئاستی ژیانی چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگەش داناوە، ئێستاش دوای نەهامەتی ئابوری لە چوارچێوەی جەنگێکدا لە قاڵب دراوە.

لەسەرو بەندی بەتەنگەوە چون و فریاگوزاری، حەتمیە کەپێویستی بەرێکخستنی شێوازی رێکخراوەی جەماوەریە، کە بەدواداچون و سەرپەرشتی و بەڕێوەبردن لە شوێنی ژیان و پەناگای ئاوارەکاندا بکەن، بۆ دابەشکردنی پێداوستیەکان لە شارەکان و گەڕەکەکان و گوندەکان، هەروەها دابین کردنی شوێنی حەوانەوە بۆ ئاوارەکان، لەنێو هەر رێکخراوێکی جەماوەریدا پێویستە کەسانی کارا و بە ئەزمون و بە توانا و مرۆڤدۆست هەڵبژێرن، کە بەرپرسیاریەتی کارەکان لە ئەستۆ بگرن.

ئەم بەرپرسیاریەتیە ببێتە ئەزمونی کاریگی کۆمەڵایەتی لە بەڕێوەبردندا، کە دوای جەنگیش بتوانێ بەردەوامی بە کارەکانی لە شێوازی گونجاودا بدات، لە نمونەی پێکهێنان و بەرجەستەکردنەوەی شوراکان، چونکە جەنگ کۆتایی دێت و ئێرانێکی ژێرخان دارماو وێران دەمێنێتەوە کە کاریگەری سەختی لەسەر ژیانی خەڵک دەبێت، بەتایبەتی گەر کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر دارمانێکدا بەرەورووبێتەوە، پەرشوبڵاوی و بێسەروبەری سایە دەکات بەسەر دۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ئێراندا، ئەگەرەکانی گۆڕانکاری لە ئێراندا، دۆخی فرەچەشن بەخۆیە دەبینێت، هەرلایەنێکی سیاسی خاوەن باوەڕی سەرو ئیرادەی خەڵکی، بەدوای چنینەوەی پاشماوەکانی جەنگەوە دەبێت، بەدوای جێگیربونی بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوە دەبن.

ئەوکاتە ئەوە پێویستی فراوان بون و بەهێز بونی شوراکان و دەوریانە کە دەتوانێت ئیرادەی خەڵک بکاتە بنەما، تا ئەو هەژمۆنیە تاکڕەویەی هیچ لایەنێک قەبوڵ نەکات، کە دەیانەوێت دەسەڵاتی سەرو خەڵکی دامەزرێتەوە، ئەوە شوراکانە کە دەبنە پێویستیەکی کۆمەڵایەتی بۆ رزگارکردنی خەڵک لەهەر جولەیەکی قۆرخکردنی دەسەڵات و تالانخوازی و بازرگانیکردن بە پاشماوەکانی جەنگ و سەروەت و سامانی ولاتەوە.

هەر هاوپەیمانیەکیش کە لەنێوان لایەن و هێزە سیاسیەکاندا پێکدێت، گەر نەچێتە ژێر هێژمۆنی شوراکانەوە، هاوپەیمانیەکە بۆ بەرژەوەندیەکی تایبەتی ئەو هێزانەی دەیانەوێت لە ئاسەوارەکانی دوای جەنگ سودمەندبن و دەسەڵاتێکی سەروخەڵکی دامەزرێنن، دەبێت دەسەڵات لە خوارەوە بۆ سەرەوە پێک بێت، نەک بە پێچەوانەوە.

لە هەوڵدان، بۆ پاراستنی خەڵکی ئێران لە کاریگەریەکانی ئەم جەنگە و ئاسەوارەکانی دوای جەنگ، ئامادەییە بۆ یەکگرتویی و رێکخروا بون، هەوڵدانە بۆ دابینکردنی دەور و دەخالەتی راستەوخۆی خەڵک لەدەسەڵاتی سیاسیدا، پێکهێنانی شوراکان و بەهێزبون و فراوان بون و سەراسەری بونیەتی لە تەواوی ئێراندا، پابەند بون بە شوراکان، دروسترین هەنگاوە کەدەتوانێ پارێزەری خەڵکی بێت لە جەنگ و نەهامەتی و ئاسەوارەکانی.

☆

**لە بەرنامەی حزبەوە؛** کۆمەڵگایەک کە بیەوێت بەشداری کۆمەڵانی بەرینی خەڵک لە دەوڵەت و لە پەسەندکردن و جێبەجێکردنی یاسا و سیاسەتەکانیدا زامن بکات، ناتوانێ لەسەر بنەمای پەرلەمان و سیستەمی دیموکراسی نوێنەرایەتی دابمەزرێ. دەبێ حوکمڕانیکردن لە ئاستە جیاجیاکاندا، لە ئاستی ناوچەیی و سەراسەریدا، لەلایەن شوراکانی خودی خەڵکەوە ئەنجام بدرێ کە هەموویان هەم وەکو یاسادانەر و هەم پیادەکەری یاسا کاردەکەن. بەرزترین ئۆرگانی حکومەتی لە وڵاتدا کۆنگرەی سەرتاسەریی نوێنەرانی شوراکانی خەڵک دەبێت. هەر کەسێکی سەرووی ١٦ ساڵ بە ئەندامێکی خاوەن دەنگی شورای ناوچەکەی خۆی دەژمێردرێت و مافی ئەوەی هەیە کە خۆی بۆ هەموو پلەوپایە و پۆستەکانی شورای ناوچەکەی یان نوێنەرایەتیکردن لە شوراکانی سەرووتردا کاندید بکات.

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
**جەمال موحسین**
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com